# "بەڵێ"ی پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕەشنوسی دەستور،
# "بەڵێ"ی یەکێتیو پارتی بوو بۆ زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان!

ڕۆژی 2005/5/24دا لە دانشتنێکی ماراسونی پەرلەمانی کوردستاندا بە کۆی دەنگ "بەڵێ"یان بۆ ڕەشنوسی دەستور ووتو پشتگیرییان لێکرد. پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان مۆنۆپۆلیان کردوە، بەم "بەڵێ" یەیان بۆ ڕەشنوسی دەستور بۆ چەندین جار نیشانیاندایەوە، کە نەك هیچ پەیوەندییەکیان بە ویستو خواستی ڕەوای خەڵکی کوردستانەوە نیە، بەڵکو بەپێی بەرژەوەندی هەردوو حزبی دەسەلاتدار لە بەرانبەر داواکاری خەڵکی کوردستاندا دەوەستێتەوە.
دیارە پەرلەمانی کوردستان دەمێکە ئەم پڕۆسەیەی بڕیوە لە ڕێگای دەنگدانی بۆ "فیدرالیەت"و ئەمڕۆ لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە کۆتاییان گەیاند، کە کوردستان لە ڕێگای دەستورەوەو بە بەکارهێنانی ناوی "نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان" بلکێنریت بە عێراقەوەو بەم پێیەش لە ڕوانگەی خۆیانەوە بەر بگرن بە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو هەروەها دژایەتی ئاشکرای مافی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بکەن لە پێناو بڕیاردان بۆ جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەت یان بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەم بڕیارەی نەك تەنها وەستایەوە لە بەرانبەر ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی کوردستاندا بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆی، بەڵکو لەهەمانکاتدا، بە توندی وەستایەوە دژ بە هەموو مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی کوردستان، بەتوندی وەستایەوە دژ بە مافەکانی ژنانو لاوانو مندالانی کوردستان، بەتوندی وەستایەوە دژ بە مافەکانی کرێکارانو خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، ئەوان بەم بڕیارەیان "بەڵێ"یان بۆ دەستورێك ووت کە سەرتاپای ئیسلامیو تائیفییە لە دیباجەکەیەوە بگرە تاکو دەگاتە دوا ماددەی، دەستورێك کە بە ئاشکرا ڕابگەیەنێت کە ڕێگا نادات " هیچ یاسایەك دابڕێژریت کە موخالف بێت بە ئەحکامەکانی ئیسلام"و یاسای باری کەسێتی کە تایبەتە بە ژنان لە سەرپایەی تائیفەی مەزهەبی ڕیکبخاتو دیباجەکەی لە قرائەتی ئاخوندێك بچێت، جگە لە نیزامێکی ئیسلامی ناتوانێت شتێکی تر بببێت. جگە لە بەکۆیلە کردنی ژنانو خنکاندنی تەواوی هیواو ئاواتەکانی لاوان و زەوتکردنی مافە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکان ناتوانرێت هیچ شتێکی تری لێ دەربکێشرێت. هیچ مافێکی سیاسیو فەردیو مەدەنیو تەنانەت مافە پوچەکانی "مافی مرۆڤ"یش کە ناوی لە دەستوردا هاتوە بەوەوە گرێدراوە کە دژایەتی نەبێت لە گەل ئەحکامو پرنسیبەکانی ئیسلام!!. پەرلەمان ئەمڕۆ مۆری لەدەستورێك دا کە پەلەیەکی ڕەشی تر دەبیت بە مێژووی ئەم پەرلەمانەوە. بەڵام ئەوان دەیانەوێت ئەم دەستورە وەئەم کلاوە بخەنە سەری خەڵکی کوردستانو فریو دەرانە ڕاپێچیان بکەن بۆ قبولکرنی ئەم دەستورە.
ڕیکخراوی کوردستان، تەواوی ئەم پڕۆسە سیاسیەی کە گەیاندویەتی بە بڕیاردان لەسەر دەستور ڕەتدەکاتەوەو بە پڕۆسەیەکی کۆنەپەرستانەی دەزانێت، کە لەسایەی هەژاریو برسیەتیو شەڕی تیرۆریستیو تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلو نا ئەمنیەتو نا ئارامیو زەوتکردنی مافە سیاسیەکانی خەلكو مۆنۆپۆلکردنی شارەکان لەلایەن میلیشیایەکانەوە سەپینراوە بەسەر خەڵکدا. کۆسپی خەڵکی کوردستان لە مرۆدا نوسینی دەستور نیە، بەڵکو دابینکردنی هەلومەرجێکی سیاسی ئازادە کە بتوانێت ئازادنە دەنگی تێدا بدات بۆ جیابونەوە یان مانەوە لە چوارچیوەی عێراقدا لە ڕێگای ریفراندۆمیکی گشتیو ئازادەوە، کۆسپی خەڵکی کوردستان نەبونی ئازادییە سیایەکانو کەمی موچەو فەسادی ئیداریو کەمی خزمەتگوزارییە گشتیەکانە. لەهەمانکاتدا ڕیکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات، کە بەر بگرن بەم سیناریۆیە، ڕێگا نەدەن کە ئەمجارە چەواشەکارییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەسەریاندا تێپەرببێت. ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە کە بڕژینە سەر شەقامەکانو بەیەك دەنگ هاواربکەن " ریفراندۆم پێش دەستور، بەڵێ بۆ جیابونەوەی کوردستان" کاتی ئەوەیە کە خەباتی جەماوەری بەیەك دەنگ خواستی بە یاساییکردنی ئازادییە سیاسیەکانو یاسای یەکسانی نێوان ژنو پیاو بەرزبکاتەوە تێبکۆشێت لە پیناو بەدیهێنانیدا. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە ریزی ئەم خەباتەی خەڵکی کوردستاندایەو تێدەکۆشێت بۆ زامنکردنی تەواوی داواو خواستەکانی خەڵکی کوردستان.

ریکخراوی کوردستان
حزبی كۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
2005/5/24